# کۆمارییە شاخوازەکان

ئەمجەد شاکەلی

که "کیم ئیل سۆنگ"ی سەرۆکی کۆریای باکووری بە ناو سۆسیالیست، ساڵی 1994 مرد، "کیم یۆنگ ئیل"ی کوڕی، کرا بە سەرۆککۆمار و ڕێبەری وڵات. کە حافز ئەلئەسەد(حافظ الأسد)ی سەرۆکی سووریا مرد، بەششار(بشّار)ی کوڕی، کرا بە سەرۆککۆماری سووریا. "عەلییێڤ"ی، سەرۆک کۆماری ئازەربایجان، کە تەمەنی 80 ساڵە و لە نەخۆشخانەیەکی ئەمەریکادا کەوتووە و تیمار دەکرێت، نایەوێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئازەربایجان، کە لە 15 ئوکتۆبەری 2003دا دەکرێت، خۆی هەڵبژێرێت، بەڵکە دەیەوێت کوڕەکەی، کە ناوی "ئیلهام"ە ببێتە سەرۆکی ئازەربایجان. موعەممەر ئەلقەززاف(معمّر القذّافي) ڕێبەری لیبیا، پێشتر کوڕەکەی، کە نێوی سەیفولئیسلام(سیف الإسلام)ە، دانابوو ببێتە جێگری خۆی، ئێستا وا پێدەچێت پەشیمان بووبێتەوە و بە تەمایە کچەکەی، کە نێوی عائیشە(عائشة)یە، بکات بە ڕێبەری لیبیا دوای خۆی. حوسنی موبارەک(حوسني مبارك)ی سەرۆکی مسر، هەر لە ئێستاوە، جەمال(جمال)ی کوڕی ئامادە دەکات، بۆ ئەوەی پاش خۆی ببێتە سەرۆکی مسر. سەددام حوسەین، تا ئەو ڕۆژەی عودەی(عدي) و قوسەی(قصي)ی کوڕانی مابوون، دەیەویست قوسەی(قصي)ی کوڕی ئامادە بکات، بۆ ئەوەی جێی خۆی بگرێتەوە. جەلال تاڵەبانی، کە گەشتی هەندەران دەکات، "قوباد"ی کوڕی، لەگەڵ خۆدا دەبات و هەر لە ئێستاوە ئامادەی دەکات، بۆ ئەوەی جێگەی خۆی بگرێتەوە لە داهاتوودا. مەسعوود بارزانی، کە سەفەری دەرەوە دەکات، "مەسروور"ی کوڕی لەگەڵ خۆیدا دەبات، بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە ئامادەی بکات، بۆ پڕکردنەوەی جێگەی خۆی. ئەمانە هەر هەموویان، کە باس لە هەڵبژاردنی کامە سیستم بۆ وڵاتەکەیان، پاشایەتیی یا کۆماریی، کرابا و بکرێت و هەڵبژێردرابا و هەڵبژێردرێت، هەموویان لە ئەندامانی کۆموونەی پاریس، کۆماریخوازتر بوون و هەن و بڕوایان بە کۆیەتی سەرکردایەتیی و ڕێبەرایەتیی گەل بووە و هەیە، بێگومان هەموو بە سەرزارەکی، لێ لە واقیعدا، سەد ڕەحمەت لەوانەی، کە بە ئاشکرا دەم لە پاشایەتی دەکوتن. ئەو کارەی، کە ئەم ڕێبەرانە دەیکەن، تەنێ یەک شت دەگەیەنێت، ئەویش بڕوانەبوونە بە خەڵکی وڵات و گەلەکانی خۆیان و تەنانەت خەڵکانی هاوحیزب و هاوسیاسەت و هاوبیران و نێزیکانی خۆیانیش.

2003/10/5